# ئایا حکومەتی هۆڵەندی ئەتوانێ ڤان ئانرات دادگایی بکات؟

سەردار عەزیز/کۆلیژی سیاسەت

ڤان ئانرات بازرگانێکی تەمەن 61 ساڵەی هۆڵەندیە، کە چەند هەفتەیەک لەمەو پێش لەلایەن حکومەتی هۆڵەندیەوە دەستگیرکرا بە مەبەستی هاوکاری کردنی لە ئەنجامدانی کاری جیونوساید لە عێراق. ڤان ئارنات هەرگیز نکوڵی لەوەنەکردوە، بەڵکو دانی پیادەنێ کە چەکی بە رژێمی سەدام فرۆشتوە. بەڵام ئەوەی ئانرات لە میانەی بەرگریکردن لە خۆیدا ئەڵێ ئەوەیە کە ئەو نەیزانیوە ئەو چەکانە بۆ چ مەبەستێ بەکاردێ. ئایا دەبێ چەکی کیمیاوی بۆ چ مەبەستێ بەکاربێت جگە لە مرۆڤ کوشتن؟ ڤان ئانرات ماوەیەکە لە لیستی ئەو کەسانەدایە کە حکومەتی ئەمریکی دەیەوێ دەستگیربکرێ، بەڵام ئانرات هەردەم زۆرلێهاتووبوە لە هەڵاتن و خۆحەشاردان. بۆیە ئەو پارێزەرەی کە لەلایەن کوردەکانەوە دابینکراوە لیسەبێث زیخڤێلد، (چونکە وابروایە کە ئەو چەکانەی کە ئەو بە حکومەتی عێراقی پێشوی فرۆشتبوو ئەو چەکانەیە کە لە هەڵەبجە بەکارهاتوون)، مەترسی خۆی لەوە دوبارەکردوەوە کە ڤان ئانرات رەنگە هەڵبێت. هەرچەندە ڤان ئانرات ئێستا پاسەپۆرتەکەی لێسەنراوەتەوە، بەڵام ئەوە بەس نیە بۆئەوەی لەوە دڵنیابین کە ڤان ئانرات هەڵنایەت و خۆی حەشارنادا. شایەنی باسە کاتێ چەندساڵێ لەمەوپێش کە ڤان ئانرات لە شاری میلانی ئیتالی ئەژیا، حکومەتی ئیتالی ویستی لەسەرداوای حکومەتی ئەمریکی دەستگیری کات بەڵام ئەو پێش ئەوەی دەستی بەسەرابگیرێ بۆ بەغدا هەڵات، وەلەم جارەی دوای کەلەلایەن حکومەتی هۆڵەندیەوە دەستبەسەرکرا، جانتاو تفاقی سەفەری ئامادەکردبوو هەتا بلیتی تەیارەشی بریبوو.

بۆچی دەبێ گومان لە دادگای هۆڵەندی بکرێ؟ رەنگە یەکێک لەو پێکهاتە گرنگانەی کە حکومەتی هۆڵەندی پێناسراوە لەدونیادا هەبوونی دادگایی نێودەوڵەتی بێت لە شاری دانهاخ، ئەو دادگایەی کە تاوانبارانی جەنگ و جیونوسایدی تیا دادگایی ئەکرێ، (بۆ نموونە چەندین سەرکردەی پێشوی شەری یوگوسلافیا لەوێ بەندکراون). لەلایەکی ترەوە حکومەتی هۆڵەندی لەمێژوودا بە حکومەتێکی وا ناسراوە کە ئازادی و کرانەوەی تیا بەرقەرابووە، بۆ سەردەمانێک ئەو سەرزەمینەبووە کە رۆشنبیران و فەیلەسوفان بە مەبەستی پەنابەری و هەبوونی ئازادی روویانتێکردە، هەرەناسراویان سپینۆزا و دیکارتە. بەڵام ئەمانە تەنها نیوەی راستیەکانن، هەرچەندە زۆرکەس بۆ مکیاجکردنی روومەتی رۆژئاوا هەردەم نیوەی راستیەکانمان پێئەڵێن، ئەوە لەبیرئەکەن کە هۆڵەندیەکان یەکەم گەلن کە دەستیان بە بازرگانی کۆیلە فرۆشیکردو بەو پەری بەربەریانەوە لە گەڵ گەلانی باشوری ئەفریقاو ئەندەنوسیا هەڵسوکەوتیانکردوە.

ئەوەی ناچارمان ئەکات گومان لە دادگای هۆڵەندی بکەین، جۆری بازرگانیەکەی ڤان ئانرات و پەیوەندیە جاسوسیەکانی کەسێکی وەک ئەوە. ئەو شوێنەی کە دواجار ڤان ئانراتی تیا دەستەبەسەرکرا، (ماڵێک لە رۆژئاوای شاری ئەمستەردام)، ماڵێک بوو لەلایەن دەزگایی جاسوسی هۆڵەندیەوە دابینکرابوو. ڤان ئانرات بازرگانێکی نێودەوڵەتی چەکە. ئەم جۆرە بازرگانیە تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە هیچ بازرگانیەکانی تر ناچێ. جۆن تایەرمان کە بەرێوبەری دەزگایی وینوستون-ە بۆ ئاشتی لە دونیادا لە شاری واشنتون دی سی، کتێبێکی لەم بارەوە نوسیوە کە ناوی دەسکەوتەکانی شەرە (ئەنفال)، کە تیایا باس لە سروشتی بازرگانی چەک فرۆشی ئەمریکا ئەکات بۆ وولاتانی، ئێرانی زەمانی شا، عێراقی سەردەمی سەدام، تورکیا، وە کاریگەری ئەوان لە سەر کورد. بەڵام دەتوانرێ کتێبەکە وەک مۆدێلێک بەکاربێت بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ لە سەر سروشتی ئەم بازراگانیە. ئەو مۆدێلەی کە تایەرمان لە کتێبەکەیا بەکاریهێناوە، لە سەر سێ هێڵی تەریب دەروا، هێڵێک کە دەسەڵاتداران و پیاوانی سیاسەتە لە واشنتون، دووەم شوێنی ستراتیژی رۆژهەڵاتی ناوەراست، سێهەم، کۆمپانیاکانی چەک دروستکردن و ئەو کرێکارو خەڵکانەی بەو شێوەیە بژێوی ژیانیان دابین ئەکەن. سەرەرای هەموو ئەمانە لە کێشەکەی ڤان ئانرات-ا ئەتوانین رەهەندێکی تر دیاریبکەین، ئەویش ئەو پەیوەندیە سیاسی و سیخوریەیە کە بازرگانان بۆ پاڵپشت و باکگراوندی خۆیان بونیادی ئەنێن. لە درێژایی ئەو چواردەساڵەی کە ڤان ئانرات لە بەغدا بەسەری برد لەهەمانکاتدا خزمەتی دەزگا سیخوریەکانی هۆڵەندایکردوە. ئەمە مەترسی ئەوە دروستئەکات کە حکومەتی هۆڵەندی رێنەدات کە مێژووی پیسی ئاشکرابێت. بۆیە لە کاتێکا حکومەتی هۆڵەندی دڵنیایە لەوەی کە ڤان ئانرات چەکی کیمیاوی بە حکومەتی عێراق فرۆشتوە بەڵام بەدوای ئەوەدا ئەگەرێ ئایا ئەو چەکانەی کە سەدام بەکاری هێناوە بۆ جیونۆساید هەمان ئەو چەکانەبووە کە ڤان ئانرات

فرۆشتویەتی بە رژێمی عێراق. لە هەمانکاتدا حکومەتی هۆڵەندی گومان لە راستی رووداني جیونوساید ئەکات، وەک ڤێم دی بریون، نوێنەری دەزگای لێکوڵینەوەی گشتی هۆڵەندیە دوپاتیکردەوە. بە دەست هێنانی بەڵگە بۆ زانینی ئەوەی کەئەو چەکانە هەمان چەک بوو کارێکی زۆرگرانە. لە بەر دووهۆی ئاشکرا، یەکەم ئەو مادانەی کە ڤان ئانرات بە عێراقی فرۆشتبوو چەک نەبوو بەڵکو مادەی کیمیاوی بوو کە وەک مادەی بنەرەتی بۆ دروستکردنی گازی مۆستەرد بەکاردێ، هۆی دووەم ڤان ئانرات تەنها کەس نیە کە چەکی بە عێراق فرۆشتبێ. هەرچەندە بە پێی بەڵگەنامەکانی تیمی پشکنینی نەتەوە یەکگرتوەکان ڤان ئانرات یەکێکە لە بازرگانە هەرەگەورەکان. بۆیە زۆر ئاسانە کە حکومەتی هۆڵەندی بە بیانووی نەبوونی بەڵگەنامەی پێویست ڤان ئانرات بەرەڵابکات. ئێستا ئانرات بە جۆرێک ئازادە، تا مانگی ئازاری داهاتوو کە دیسانەوە بانگهێشت دەکرێتەوە بۆ دادگا، وە وا چاوەروان ئەکرێ بەلای کەمەوە ساڵێک بخایەنێ تا بتوانرێ ڤان ئانرات بدرێتە دادگاوە.
دادگاییکردنی ئانرات ئاسان نابێت، وە ئەگەر بێت و هەر تاوانێکی بدرێتە پاڵ ئەوا ئەو تاوانە تەنها بە کەسی ئەوەوە ناوەستێ، بەڵکو کۆمپانیا و وولات و چەندەها لایەنی تریش دەگرێتەوە، کە هەریەکەیان بۆخۆیان خاوەن دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی بەهێزن. بۆ نموونە ڤان ئانرات چەکەکانی لە بالتیمۆر لە وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا کریوە، لەوێوە بۆ بەلجیکاو هۆڵەندای گواستوەتەوە تا بیبات بۆ بەندەری عەقەبە لە ئوردون، لەوێشەوە بۆ عێراق. بۆیە ئەرکی کورد بە تایبەت ئەو کوردانەی لە هۆڵەندان ئاسان نابێت و دەبێ ئامادەباش و کۆڵنەدەربن. بەڵگەنامەی زۆر هەن دەربارەی بەکاربردنی رژێمی پێشوی عێراق بۆ چەکی کیمیاوی دژ بە کورد، لە هەڵەبجەو چل شوێنی تر لە کوردوستان. بەڵگەنامەکانی لە ئەرشیفی حکومەتی ئەمریکیدان و وەلەلایەن چەندی رۆژنامەو گۆڤارو لێکۆڵینەوەی تایبەتەوە بەکارهاتوون، کتێبەکەی سەمەنتا پاوەر کە مامۆستای مافی مرۆڤ و سیاسەتی دەرەوەیە لە زانکۆی هارڤەرد لە بۆستۆن، (کێشەیەک لە دۆزەخەوە)، چاپتەری هەشتی تەرخانە بۆ کیمیابارانی کورد، کە پشتی بە بەڵگەنامەی زۆر بەستوە. لەسەر کورد پێویستە ئەم کێشەیە بکاتە سەرمایە ، کە لە رێی رێکخستنی خۆیان و لۆبیکردنەوە. وولاتی هۆڵەندا لەو وولاتانە نیە کە لۆبیکردن تیا ئاسان بیت، وەک بینیمان تەنها پارتە چەپە بچکۆلەکان کە لە پەرلەماندان ئامادەن کێشەکە بهێنرێتەوە ئاراوە. بۆیە لە یادەوەری کیمیابارانی هەڵەبجە پێویستە ئەم کێشەیە زیاتر و زیاتر گرنگی پێبدرێ ، لە کاتێکا وولاتێکی وەک ئەمریکا ئامادەیە داکۆکی لە کێشەکە بکات. لێرەدا بەباشی ئەزانم دەقی ئەو نوسینە کە ئێف بی ئای، بیرۆی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی، لە بەرواری 25 ئایاری ساڵی 2000 دەریکردوە بە کورتی وەرگێرم.
فرانس ڤان ئانرات داواکراوە بۆ دادگا یان ویستراوە بە بازرگانیکردن بە چەکی ترسناکی کیمیاوی ترسناک و قاچاخ. فرانس کۆرنێلس ئەندریانۆس ڤان ئانرات هاوالاتیەکە هۆڵەندیە لە شاری دن هۆڵدەر لە رێکەوتی 9 ئابی 1942 لە دایک بووە. پیاوێکی سپی پێستە. 178 سانتیمەتر درێژە، قژی خۆڵەمێشیە (سپی). چاویلکە لەچاوئەکات و رەنگە ریشیش بهێڵێتەوە. نب زمانی هۆڵەندی و ئیتالی و ئینگلیزی قسەئەکات. لەم چەندساڵەی دوایدا سەردانی وولاتانی سویسرا، ئیتالیا و هۆڵەندای کردوە. ئێستا لە بەغدا ئەژێ، (مەبەست ساڵی 2000 کە ڤان ئانرات لە بەغدا ئەژیا لە لایەن موخابەراتی سەدامەو ئۆزۆمبیلێکی سپی بۆ تەرخانکرابوو، تا پێش دەستپێکردنی شەر کە لە سوریاوە بۆ هۆڵەندا عێراقی جێهێشت).
کەیس دژ بە ڤان ئانرات: لە جەنگی جیهانی یەکەمدا سەربازەکان گازی ماستریان ناونا هەناسەی شەیتان. ئەم گازە یەکێکە لە چەکە هەرە مەترسی دارەکان. ئەوانەی کە ئەم گازەیان بەرکەوێ رەنگە کوێربن یان بە ئازارێکی زۆرەوە بتلێنەوە بەهۆی سوتانەکانی پێستیانەوە، یان ببێتە هۆی مەرگێکی ئازاراوی. سەرەرای ئەوەی بۆ چەند دەیەیەکە بەکارهێنانی ئەم چەکە قەدەغەکراوە بەڵام تائێستا بە رێگای قاچاخ بەدونیادا بڵاوئەبێتەوە. لە نێوانی ئۆکتۆبەری ساڵی 1987 تا ئەپریلی (نیسان) 1988 ، فرانس ڤان ئانرات و [.....] مادەی کیمیاوی ثایودیگلیکۆل لە ئەمریکاوە بۆ عێراق گۆاستواتەوە. ئەگەر هەر زانیاریەکت دەربارەی ڤان ئانرات هەیە لە سەرت پێویستە پەیوەندی بە نزیکترین بالویزخانەی ئەمریکیەوە بکەیت.

سەرەرای هەموو ئەمانە ئەگەر لە رووی ئەخلاقی سیاسیەوە بیر لەم کەیسەبکەینەوە، ئەوا رەنگە هەندێ رەهەندی تری ئەم کێشەیەمان بۆ دەرکەوێ. لە کاتێکا کە لایەن و وولاتی زۆر لە دونیادا بەشداریان لە پر چەککردنی رژێمی عێراقدا کرد، هەوڵدان بۆ چرکردنەوەی تاوانەکان لە سەر تەنها کەسێک، رێگایەکە بۆ ئەوەی لایەنە بەرپرسەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان پاککەنەوە. ئەم شێوازە لەدونیای گەندەڵی سیاسیا زۆربڵاوە، پێی دەڵێن برژاندنی

ماسیەکی گەورە؛ کە مەبەست لێی ئەوەیە کەسێکی گەورەو دیار هەڵدەبژێردرێ بۆ ئەوەی سزابدرێ، چونکە سزادانی ئەو پەیامێک بۆ خەڵکی دەنێرێ کەئەوانی تر خەمی عەدالەت ئەخۆن و تاوانباران ئەدەنە دادگا. لێرەدا من مەبەستم لەوە نیە کە بڵێم ڤان ئانرات تاوانبار نیە، گرنگ ئەوەیە پێمان نەڵێن کەئەو تەنها تاوانبارەو بەبەندکردنی ئیتر کەسی تر بەرپرس نیە لە تراژدیاکانی ئێمە. بۆیە دەبێ ئەمە وەک سەرەتایە تەماشابکرێ، نەک کۆتایی.